ئێران و فڕەنسا وتووێژ بۆ بژاردەیەکی سەرتایی بۆ چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی دەزانن.

ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنسا ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، مەسعود پزیشکیان سەرۆك کۆماری ئێرانی ئاگادارکردۆتەوە لە پێویستی تاران بە خڕایی بگاتە ڕێککەوتنێك بۆ دورکەوتنەوە لە سەپاندنەوەی سزاکان، بەتایبەتی کە "تەنها چەند کاتژمێرکی ماوە".

ئیمانوێل ماکرۆن لە پستکدا لە پلاتفۆرمی ئێکس نوسیویەتی، "چاویکەوتوە هاوتا ئێرانییەکەی کە لە نەتەوەی یەکگرتوەکانە، دڵنیایکردوەتەوە کە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران هێشتا ئەگەری هەیە بۆ دورکەوتنەوە لە دوبارە سەپاندنەوەی سزا نێودەوڵەتییەکان و تەنها چەند کاتژمێرکی کەمی ماوە".

ۆنیشیکردەوە کە "ئێران دەبێت وەڵامی ئەو مەرجە شەرعییانە بداتەوە کە داماننون".
ماکرۆن ئەو مەرجانەی خستەڕو کە ئەوروپییەکان "سازش"یان لەسەر ناکەن و وتی، "یەکەم مەرج دەستگەیشتن بە تەواوی بۆ پشکنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بۆ شوێنە ئەتۆمییەکان، شەفافیەت سەبارەت بە هەڵگرتنی ماددە پیتێنراوەکان و دەستپێکردنەوەی دەستبەجێی دانوستانەکان".

هاوکات ماکرۆن هۆشداری دایە ئیسرائیل لە داخستنی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە قودس، ئەوەش دوای دانپێدانانی پاریس بە دەوڵەتی فەڵەستین و بە "هەڵەیەکی گەورە"ی وەسفکرد.

سەبارەت بە ئۆکرانیا، ماکرۆن پێشوازی لە "پەیامێکی زۆر ڕوون"ی دۆناڵد ترەمپ هاوتا ئەمریکیەکەی کرد، کە لێدوانەکانی ڕۆژی سێشەممە لەنگدانەوەی گۆڕانی هەڵوێستی خێی بو سەبارەت بە شەڕی ئۆکرانیا، پێیوابو کە کێڵ توانای وەرگرتنەوەی تەواوی ئەو خاکەی هەیە کە ڕوسیا دەستی بەسەردا گرتوە.